منداڵە هەژارەکان.. منداڵە دەوڵەمەندەکان جەژنی خۆتان پیرۆز بێت

سەعید ئەسعەد عەلی

به بۆنەی 1⁄6 جەژنی منـداڵان به پێویستم زانـی پێنـووس بخەمـه گـەڕو دیـارده زەقـەکان یـان روونـتر جیاوازییـه بـەرچاوەکانی نێـوان منداڵانی کوردستان بخەمـه روو بـۆ ئەوەی سەرجەم منداڵان، وەکـو یـەك سەیر بکرێن گەر گەورەکان کـەمێك ویژدانیان بجووڵـێ.

بـا سـەرەتا لەمنداڵـه دەوڵەمەندەکان دەست پـێ بکـەم بـا بزانین ژیان چۆن بەسەر دەبەن؟

+منداڵـە دەوڵەمـەندەکان لەوپەڕی خۆشـگوزەرانی دان ئـەوەش ئاواتی هەمـوومانە چونکە:

-لـە گەڕەکـەکانیان باخچـەی ساوایان هەیـەو سـەرجەم پێداویستییەکانی تێدا مسـۆگەر کراوە.

-بە ئۆتۆمبیـل‌و جـل‌و بـەرگی جوان دەبردرێنە قوتابخانـەو جێگـای دانیشتنیان زۆرە.

-هەموو کات لە کاتی پشـوو و بێ ئیشیدا لەگەڵ دایك‌و باوکیان لە گەشت‌و گەڕاندان بە ئۆتۆمبیل‌و لـە باخچە گشتییەکان دەسوڕێنەوەو یاری دەکەن.

-لـە وەرزی هـاوین گـەرمایان نابێت‌و لە وەرزی زستانیش سەرمایان نـابێت چونکـە جلـی وەرزەکانیـان بـەردەوام لـە گـۆڕان دایـەو بۆیـان دەکرێت.

-لە ئاهەنگ‌و بۆنەکاندا لەگەڵ دایك‌و باوکیان لـە پێشـەوەی شـانۆ دانیشـتوون‌و چەپڵـە لێـدەدەن‌و پـێ دەکەنن.

-منداڵـی دەوڵەمـەندەکان لـە کۆڵان‌و شەقامەکان سەریان هێناوەتە دەر لە ئۆتۆمبیل‌و پـێ دەکـەنن بـە منداڵە شت فرۆشەکان.

-منداڵی دەوڵەمـەندو منـاڵی بەرپرسەکان لە جل‌و بەرگ پۆشـتەن: لە خواردن تێرن لە خۆشی‌و گـەڕانی بەردەوام بێزارن! هتد...

ئەمانە چـەند باسـێکی کـورت بـوون لـە ژیـانی منداڵـە دەوڵەمەندەکان‌و بەرپرسەکان هیـوام وایە زیاتر بکەونە خۆشـی‌و جوانـترو رێك تر ژیان بەسەر ببـەن. بـەڵام بـا بزانین ژیـانی منداڵـە هـەژارەکانیش لەچی دایە؟

-منداڵە هەژارەکان زۆربەیان لە کـۆڵان‌و گەڕەکـەکان دەبیـنرێن دەسـوڕێنەوە لـە جیـاتی ئـەوەی بنێردرێنە بەر خوێندن بۆ فـێربوونی شتێك!

-منداڵە هەژارەکان بەردەوام لـە شەقام‌و کۆڵانەکان کـارتۆنی پاکـەت فرۆشـتن‌و شـیرنەمەنی فرۆشـتن بـە ملیانەوە نووساوە!

-منداڵـە هـەژارەکان بـە جـل‌و پێڵاوی دڕاو زۆر جاریش بە گیرفان بە تاڵ دەنێردرێنە قوتابخانە!

-زۆربەی منداڵە شەهیدو باوك‌و دایك ئەنفال کراوەکان نازانن خۆشی ژیان - باخچەی ساوایان - باخچـەی گشتی چییە!

-منداڵـی هـەژارەکان لـە پێـش هۆڵی ئاهەنگ گێڕاندا دەوەسـتن تـا منداڵە دەوڵەمەندەکان شـتیان لـێ بکڕن!

-منداڵـی هـەژارەکان بـەردەوام خەون بە ساتێك سواری ئۆتۆمبیـل‌و جل‌و بەرگی خاوێن‌و یاری جۆراوجـۆر دەبینیین..هتد.

ئەمانـە کورتەیـەك بـوون لـە ژیانی پڕ مەینەتی منداڵە هەژارەکان بۆیـە روو دەکەمـە گـەورەکان‌و بەرپرسەکان‌و لێیـان دەپرسـم: ئێـوە خۆتان دیمەنەکان دەبینـن‌و پێویست بـەوە ناکـات بۆتـان بـاس بکرێـت‌و بنووسرێت. منداڵەکانی خۆتان چـۆن خۆش دەوێـت منداڵـی خەڵکیشـتان خـۆش بـوێ. دووریـان بکەنـەوە لـە شەقام‌و کۆڵانەکان دەسـتیان بگـرن‌و بیانـنێرنە قوتابخانەو، لە گەڕەکـەکان قوتابخانەو باخچەو دایەنگە یـان بـۆ بکەنەوە. بـۆ چ منداڵانـی ئێـوە لـە خۆشیدا بژین‌و منداڵانـی خـەڵکیش لەمەینەتی؟ مناڵ پاکە گوناهی نییە بـۆ دوارۆژی بفـەوتێ‌و لـە ئێسـتاوە فێری شتێکی بەسوود نەبێ! بۆ چـی تەنها منداڵەکانی خۆتان لا گرنگـە پەروەردەیان بکەن؟ لەگەڵ ئـەوەم بـە رێکترین شێوە پێیان بگەیـەنن بـەڵام هەموو منداڵ وەکو یەك!

پێـم سـەیرە گـەورەکان‌و بەرپرسەکان لە بۆنە تایبەتییـەکانی منداڵانیش دەڵێن: "منداڵان دوارۆژی گەلن"بەڵـێ راستە هەموو منداڵێك دوارۆژی گەلە. بەڵام گەر بە کردەوەش خزمەتی هـەموویان بکـەن‌و پێیـان بگەیـەنن نـەك هـەندێك منـداڵ لەوپـەڕی خۆشـیدا بژیـن بـێ کـەم‌و کوری‌و هەندێکیش لەوپەڕی ناخۆشی ژیـان بەسـەر بـەرن وەك منداڵـە هەژارەکان.

منداڵانی ناحیەی رزگاری لە نێوان کارکردن‌و چەوسانەوەدا

بەهائەدین کەمال

بـە باشمـان زانـی بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن لـە ئێـش‌و ئازارەکـانی منـداڵان لـە نزیکـەوە ببـانبینین‌و بیانهێنینـە قسـەکردن، منداڵـە چاوگەش‌و ئێسك سووکەکان بە قسـە ناسکەکانیانەوە بەو پەڕی بێزارییـەوە باس لە ئێش‌و کاری خۆیان دەکـەن‌و کاری منداڵان رەت دەکەنەوە.

هەندێکیان دەڵێن: ناچارین کـار بکەین لەبەر نەداری‌و دەست کورتی. کار کـردن لـە دیـاردەی سـواڵکردن باشترە هـەندێکیان دەڵێـن: کـاتێك پێڵاو بۆیاغ دەکەین هەست بە بێزاری دەکەین بە کارێکی منداڵ پروکێنـی دەزانین.

هەندێکی تریان دەڵێـن: ئاواتـە خوازین وەکـو منداڵانـی تـر بچیتـە باخچەی یاریکردن.

جا بۆ ئەم مەبەستە بـە باشمـان زانی هـەندێ لـە منـداڵان ببینـین‌و ساتێك گوێ لە ئێـش‌و ئازارەکانیـان بگرین.

+منداڵێکی تەمەن (10) سـاڵ کە ناوی محەمـەد عـەلی دانیشـتووی ناحیەی رزگاری گوتی:

ناچارم کار بکەم، کاتێك پێـڵاو بۆیاغ دەکەم هەست بـە بێزارییـەکی زۆر دەکـەم چونکـە کـاتێك لـە "تەلەفزیۆنـەوە" منـداڵان دەبینـم بەرنامـەی تایبـەتی خۆیـان هەیـە منیش دەڵێم: حەزم دەکرد وەکو ئـەو منداڵانە بومایە نەك کارم بکردایە.

+منداڵێکی تر تەمەن (9) ساڵ بە ناوی "شکور محەمەد" دەڵـێ:

زۆرم پێ ناخۆشە کار دەکەم بەڵام نەبوونی وای لێم کردووە کار بکەم لە کار کردنی رۆژانـەمدا (40 50) دینار دەردەکەم بە پێڵاو بۆیاغ کـردن ئەو پارەیەش دەدەم بە دەستی دایکم.

+منداڵێکی دی بە ناوی "درکۆ محەمەد" تەمەن (8) ساڵ دەڵـێ:

ناچارم کار دەکەم کـاتێ: پێـڵاو بۆیاغ دەکەم هەست بـە بێزارییـەکی زۆر دەکەم لە کاتێکدا پێـڵاو بۆیـاغ دەکەم بـۆ هـەر کەسـێ هەسـت بـە ژیـانێکی نـاخۆش دەکـەم هـەروەها دەڵـێ کـار کـردن لـە دیـاردەی سواڵکردن باشترە.

+منداڵێکی تەمەن (13) سـاڵ کە ناوی "دەشتی محەمەد" لـە پـۆلی شەشەمی سەرەتاییە دەڵـێ:

هەرچەند قوتـابیم نـەبوونی وای کردووە پەنا بەمە بەر کـار ئـەمیش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیـانی خوێندنمەوە لەوە دەچـێ بـەهۆی کـار کردنمـەوە نـەتوانم سـەرکەوتووبم لـە وانەکانمدا داواشم وایە لە حکومـەتی هەرێمی کوردستان بتوانن لە ناحیەی رزگاری جێگایەك بۆ منـداڵان دابین بکەن.

لە کۆتایی قسەکانیاندا سکاڵاو رەتکردنـەوەی کـارو داواکـاری بـۆ بـەرچاو بەرپرسـان دەخەنـە پێـش چاومان ئەگەر بـۆ سـاتێ گـوێ لـە منداڵان بگرین.

ویژدانـی هیـچ مرۆڤێـك کـار کردنی منداڵان قبووڵ ناکـا بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە لەسـەر حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان‌و رێکخـراوە مـرۆڤ دۆسـتەکان‌و رێکخراوی منداڵ پارێزی کوردسـتان ئاورێك لە منداڵانی کرێکار بدەنـەوە بۆ ئەوەی کە چیتر کار نەکەن بتوانـن بە گوێرەی توانا جێگایەك بۆ منداڵان دروست بکەن.



مەشقی سەربازی مناڵان‌و بەسەرباز کردنیان دوژمنکارییەکی گەورەیە دەرهەق بە منداڵێتی

ئا/ ئایاد کەمال

دەسەڵاتدارانی رژێـم‌و دەزگاکـانی راگەیاندنی گرنگییەکی زۆر دەدات بـە رەگەزی لاوان، ئەم گرنگیدانـەش دوای ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانەی رژێم دێت لەوانـە 27⁄ تشـرینی یەکـەم یـادی دامەزراندنی یـەکێتی گشـتی لاوانـی عـێراق سـەر بـە رژێـم‌و، دەزگاکـانی راگەیاندنی رژێم ئەمـە یەکـەم جـارە بایەخێکی لەم جۆرە بەم توێژە بدەن.

ئەوەی جێگای تێبینی بێ لاوانـی هـەرزەکار راسـپێردراون بـۆ ئـەو مەبەستە، ئەم هەنگاوەی رژێمیش لـە دوای ئەوەوە هاتووە کـەوا سـەرکەوتنی بە دەسـت هێنـا لـە هـەردوو مەشق پێکردنی هەرزەکاران هاوینی پار.

دواتر رژێم بـۆی دەرکـەوت کـەوا ناتوانێ سـەرنجی لاوە پێگەیشتووەکان بەلای خۆیدا رابکێشێ‌و بیانخزێنێتە ناو ئەو هێزانەوە، هەنگاوی یەکەمی رژێـم بـۆ راکێشـانی هەرزەکارانـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەڵسـا بـە رێکخسـتنەوەی رێکخراوەکـانی (فتـوی‌و گلائـع)و دامـەزراندنی (مراکـز الشـباب) لـە پارێزگـاو ناوچـەکان کـە پێشـتر ئـەم دەزگایانە بۆ یانە وەرزشییەکان بـەکار دەهێنرا، هەروەها ئەو ناوەندانە هەندێ یاری تیادا دانراوەبۆ سەرنج راکێشـانی هەرزەکاران. لـە لایـەکی تـرەوە هـەوڵ ئەدەن بە خزاندنی ئەوهەرزەکارانەو بـە تایبەت ئەوانـەی مەشـقی خولـەکانی (اشبال صدام)یان تـەواو کـردووە لـەو کـرداره تیرۆریستانەی کـە دژی گـەل دەکرێ‌و لە دانانی بۆسەو بازگـەدانان‌و چوونە سەر گەڕەك‌و ماڵان لـە هـەندێ گـەڕەك بەشـداری دەکـەن، لـەو بارەیەشەوە وا ناوزەد دەکرێ کە (اشبال صدام) لە (فدائی صدام‌و دەزگاکـانی ئاسایشی رژێم) توندڕەوترن.

ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئـەوەی هەرزەکاران حەز بەخۆ دەرخستنی زیاتر دەکـەن، جگـە لـەوەش هـەرزەکارانی (اشـبال صـدام) زیـاتر مەشـقی توندڕەوی‌و توندو تیژییان پێ کراوە.

ئـەوەی جێگـای سـەرنج بـێ گرنگیدانی رژێم بە مەشـق پێکردنـی سـەربازی هـەرزەکاران‌و بەسـەربازکردنیان‌و هەڵسـانیان بـە کرداری سەربازی دڕندەیی لە کـاتێکدا دێـت کـە نارەزایـەتی زۆر هەیـە لـە جیهاندا سـەبارەت بـە تـووش کردنـی مناڵان بەکاری سەربازی‌و کردنیان بـە دۆستی کوشتن‌و توندو تیژی‌و چـەندین سـووتەمەنی شـەڕو ناخۆشـی، هەرچەندە لەم ساڵانەی دوایدا چـالاکی نێونەتەوەیی کراوە کە بانگەشە بۆ رای گشتی دەکات بـە وەسـتان رووبـەرووی رژێم‌و داوای رزگـارکردنی منداڵان‌و هەرزەکاران‌و چاودێری کردنیان دەکا لە کرداره نامرۆڤایەتییـەکانی رژێـم کـە دەرهـەق بـە منـاڵان روو لـە زیـاد بووندایە رۆژ لەدوای رۆژ.

منداڵانی عێراق‌و رێککەوتننامەی مافەکانیان

ئا/ هۆشەنگ کەریم

لە بەندەکانی رێککەوتننامەی مافی منداڵانی جیهانی هاتووە:

+ پێویستە دەوڵەت منداڵ لە زیانی عەقڵی‌و جەستەیی بپارێزێت.

- واقیعی ژیانی منداڵان دەریدەخات زیـاتر لـە یـەك ملیـۆن منـداڵ دووچاری بەدخۆراکی هاتوون‌و، رێژەکەشی بۆ (2000٪) بەرزبۆتەوە تەنها لـە سـاڵی (2000) دا (9040) منـداڵ گیانیـان لـە دەسـت داوەو (6122)یان تەمەنیان لە پێنج ساڵ کەمتر بووە.

+لەسەر دەوڵەت پێویستە بەبێ هەڵاوێردن‌و جیاکاری رەگەزی تـەواوی مافەکانی منداڵ دەستەبەر بکات.

- لەعێراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حسێن وشەی (ماف) بە تەواوەتی لە فەرهەنگی مرۆڤـدا سـڕاوەتەوە تەنـها مـافێك مـاوە ئـەویش مردنـە بـە بەردەوامی، لە سـاڵی 1990 1998 (5000) عـێراقی گیانیـان لـە دەستداوە. ئەدێ منداڵانمان داوای کامە ماف بکەن؟

+ منداڵانی پەککەوتە مافی بـە دەسـتهێنانی چارەسـەرو پـەروەردەو چاودێری کردنیان هەیە.

- لـەم بـەندەدا وا هـاتووە بـەڵام منداڵانـی عـێراق کوتانـە سەرەکیەکانیشیان بۆ ناکرێت‌و دووچاری پەککەوتـەیی تـا هەتایـە دەبـن، رێژەی منداڵانـی تـووش بـوو بـە نەخۆشـییە درمـەکانی وەکـو ئیفلیجـی منداڵان‌و سورێژەو تیفۆئیدو ..هتد، زۆر زیاتر بووەو گەیشـتۆتە (800٪)و رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە مانگی (11 2000) مەترسی خـۆی راگەیاند لـە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی ئیفلیجـی منـداڵان بـە شـێوەیەکی بەرفراوان.

+ پێویسـتە دەوڵـەت منـداڵان لـە ئیسـتغلالی ئـابووری‌و کـارکردن بپارێزێت کە دەبنە رێگر لە بەردەم فێربوونی یاخود زیان بە تەندروسـتی‌و خۆشگوزەرانی دەگەیەنن.

- واقیعی ژیانی منداڵانی عێراق جۆرێکی تـرە بـە گوێـرەی راپۆرتـی یونیسێف لە ساڵی 1990 (5٪) منداڵانی عێراق گیانیان لـە دەسـتداوە بەڵام لە ساڵی 1996 رێژەکە بەرزبۆتەوەو گەیشتۆتە (25٪) بەرزبوونەوەی رێـژەی مردنـی منداڵانـی عـێراق بەردەوامـەو رێککەوتننامـەی مـافی منداڵانیش لە بەرامبەر ئەم کارەساتەدا دەستەپاچەیە.

سەرچاوە: رسالە العراق

منداڵ لە دنیای گەوراندا

کەریم کاکە

چەند بەختەوەرین ئەو سـاتانەی، منـداڵ بـە جنێـو زمان بگرێ، هەسـتدەکەین درۆ فـێر کـردن هونـەرێکی باڵایەو لە دەست هەموو کەسێ نایە.. دواتریش لە ئاست درۆی پیرەکان سەرمان سوور دەمێنێ‌و ئەو هونـەرە شـك نابەین هۆی درۆکانی پێ دەست نیشان بکەین..

***

هونەری لێدان، ئاوێتەی ئاوو هەوا بووە، هەموومان لێی بەهرەمەندین، ئەگەر ئـەو هونـەرە مەزنـە بەسـەر منداڵ دا تاقی نەکەینەوە قوڕگمان وشك دەبێ‌و هەناسـە سواری دەمانگرێ.. لـەولاوەش لـە ئاسـت توندو تیژی هەرزەکارو گەورەکان عـەقڵمان دەبێتـە تەڵـەی تـەقیو، دەستمان ناگاتە سەرەداوی هونەری لێکدانەوەیەك..

***

لە ماڵەکانمان‌و بە بەرچاوی منداڵەوە تەنها رەفتـارە دزێوەکانمان نمایش دەکەین ئەرێ رەفتاری جوانمان هەیە!

منداڵ چ ئەکتـەرێکی لێـهاتووە، چـەند شـیرینە لـە لاسـاییکردنەوەدا، چـەند منداڵانـە گـەورەیی دەهێنـێ! پاشانیش نیگـەرانی بەرانبـەر هەڵسـوکەوتەکان نیشـان دەدەین..

***

کچ، هێشا چلـەی بوونـی نـەچووە، ئـەندامی میزکردنی دەبێ هەمیشە داپۆشـراو بـێ، کـەچی کوڕ تا دەگاتە قۆناغی قوتابخانەش ئاساییە لەبەر چاوان بێ‌و "نێرایـەتی" پیشـانی دەرو دراوسـێ بدرێ.. حاشا ئێمە جیاوازی لە نێوان نێرو مێ دا ناکەین؟!

***

ئامادەین لەگەڵ هەرزەکاراندا بێ رەچـاو کردنـی تەمەن باس لە هەموو باس‌و خواسێك بکەین‌و دەم لـە دەم لێنەدراوەکانیش بدەین..ئەوەی نابـێ بـە لایـدا بچین زانیاری سێکسییە.. دەبێ دەست بە "حەیا"وە بگرین!

***

کێشـە ئابوورییـەکان لـە کەسـایەتیماندان، کەسـایەتیمان بـێ زانسـتی ئـابووری زانـی، بـە وردی ناخوێندرێتەوە، کەچی لە پەروەردەی منداڵدا بۆ- خۆمان - هیـچ پێویسـتیمان بـە (سـەرمایە) ی مـارکس‌و سەرمایەی کەسانی دی نییە!!! ناشمانەوێ لە سیاسـەت‌و سیاسەتی ئابووری حکومەتەکان وردبینەوە، بەیەك چاو تەماشای خانووێکی بچووکی دە دوازدە منداڵ تیا ژیـاوو تەلارێکی چەند نهۆمی دوو منـداڵ تیـا ژیـاو دەکـەین! دەروونزانی زانستێکە بۆ ئێمە کەڵکی نییە!

***

مامۆسـتا لـە قوتابخانـەدا بـۆ ئـەوەی راسـتگۆو عەدالەتخواز بێ، لـە هـەموو رووێکـەوە لەیـەك گۆشـە نیگاوە سەیری منداڵی پیـاوێکی کۆڵهـەڵگرو منداڵـی بازرگانێکی گەورەو بەرپرسێکی مەزن دەکات!

***

لەوانەی مێژوودا درۆی گەورە فێری منداڵی بچـووك دەکەین.. لەوانەی ئایین دا منداڵان دەکەینە دوو دەسـتە: منداڵـی دۆزەخـی، منداڵـی بەهەشـتی.. لـە خـەونی منداڵاندا ئـاگرێك دەکەینـەوە، گڵپـەدار، سـەرێکی لـە ماڵەوە سەرەکەی دی لە قوتابخانە..

***

ئەگەر لێدانی منـداڵ بـە تـاوان بژمـێردرێ، ئایـا دەتوانـین ژمـارەی تاوانبارەکـان دیـار بکـەین؟ ژمـارەی تاوانباران لە ژمارەدا جێیان دەبێتەوە؟

***

کاتێ گـەورەکان شکسـت دێنـن، منـداڵان دەخەنـە بەرەکانی شەڕەوە.

***

ئەگەر کار کردنی منداڵان تاوان بێـت، لـە دنیـادا چەند حکومەت هەیە تاوانبار نەبێت.

***

ئەو دەستوورو یاسایەی لەپاڵ زیندانی گـەوران، بـۆ منداڵیش زیندانی دروستکردووە، پشتی بەچی بەستووەو لە کوێوە ئەو رەواییەی هێناوە، لە زەوی یان لە ئاسمان؟

***

وای دانـێ، منداڵان دەبنـە خـاوەن دەسـەڵات‌و، دادگایـەکی منـداڵان دادەنێـن‌و، هـەموو ئـەو کەسـانە پەلکێشی دادگا دەکەن کەغەدرییان لـەمنداڵ کـردووە، دەبێ گەورەیەك بمێنێ داوای لەسەر تۆمار نەکرێ؟

***

ئێمە نامانەوێ بچینە دنیای منداڵانـەوە، هەمیشـە منداڵانمـان هێناوەتـە دنیـای خۆمانـەوە، بۆیـە لـەم بەرەوا‌ژییەدا، قسـەکانمان لـە بـارەی مـافی منداڵانـەوە، رووێکی دیکەی پێشێلکردنی مافی منداڵانە..

***

منداڵان!. هەر ئەوانەی لە جـەژنی خۆتـاندا کـە نیتانە ماچ‌و گوڵتان بۆ دەنێرن، هـەر ئـەوانن لێتـان دەدەن، جنێوتان پێدەدەن، کارتان پێ دەکەن، فێرە رەفتاری دزێوتان دەکـەن، ئەندامـەکانی خۆتـان پـێ ناناسـێنن، هۆکارەکانی چەوسانەوەی ئێوە بنبڕ ناکـەن، هـەر ئـەوانن تاوانبار.. ئەوانن منداڵیتان بە وێنەی خۆیان دەشێوێنن..